**ڕوداوه سیاسیەکانی سەردەمی پاشایەتی لە شاری هەولێر لە گۆڤاری هەولێردا**

**نشميل صابر عبدالله**
**بەشی مێژوو ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان ، عێراق**
**nashmilabdullah@su.edu.krd**

**DOI: https://doi.org/10.31972/ISCHKK19.011**

**- پێشەکی.**

ڕوداوە سیاسییەکانی شاری هەولێر لە سەردەمی پاشایەتی لە عێراق(١٩٢١ ـ ١٩٥٨) بەشێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی ئەو شارە پێك دەهێنێت، بووە بە بابەتێکی سەرەکی زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە و سەرچاوە مێژووییەکان چ ئەوانەی لە کاتی رودانی روداوەکان دەدەچوون چ ئەوانەی دواتر دەرچوون.

گۆڤاری هەولێر یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە هەر چەندە دوای تەواو بوونی ئەو سەردەمە دەرچووە بەلام روداوە سیاسییەکانی سەردەمی پاشایەتی بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی ژمارەکانی دادەندرێت گرنگی بەم ماوە مێژووییە داوە، لە رووی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وهونەری ، رووداوەکانیش بە شێوەی توێژینەوە یاخود ووتاریانلە چوارچێوەی یاداشتەکان و یان چاوپێکەوتنەکان یان لە وەسفی کەسایەتیەکان خراونەتە روو.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەرە پێك دێت، تەوەرەی یەکەم، تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ژمارەکانی گۆڤارەکە و نوسەرەکانی هەر ژمارەیەك و بابەتەکانی بلاوکراونەتەوە بە شێوەی ریزبەندی ژمارەکانی دەرچوون، تەوەرەی دووەم تایبەتە بە روداوە سیاسییەکان کە لە چوارچێوەی کەسایەتیەکان و خودی روداوەکان و یاداشتەکان باسی لێوەکراوە، دواتر دەرئەنجامی توێژینەوەکە بە شێوەی خال دیارکراوە وبە لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

دەربارەی گرفت و ئاستەنگەکانی ئەو توێژینەوەیە، وەك زۆربەی توێژینەوەکانی تایبەت بەمێژووی هەولێر نەبوونی ئەرشیفەکی تایبەت بە مێژووی ئەو شارە و کەمی یاداشتەکانی کەسایەتیەکانی شارەکە کە ئاگاداری رووداوەکانن گرفتی نوسینی ئەوتوێژینەوەیە، هەروەها ژمارەیەك لەو کەسایەتیانەش کە بیرەوەرییەکان نوسیوەتەوە بەڵام بە پێی پێویست بایەخیان بە روداوەکان نەداوە .

لەم توێژینەوەیە چەندین جگەلەگۆڤاری هەولێر ، چەند سەرچاوەو گۆڤار و ڕۆژنامە بەکار هاتووە کە باس لە ڕووداو و ژیانی سیاسی شارەکە و ڕۆڵی کەسایەتیە سیاسیەکانی دەکات، کە زیاتر پەیوەندییان بە رودوەکان هەبووە. هەر چەندە کارێکی لەمجۆرە بێ کەم وکوری نابێت بەلام هیوادارین بە چاوێکی زانستی وەربگیرێت .

**تەوەری یەکەم: ناساندنی گۆڤاری هەولێر .**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆی وەرزییە، یەکەمین ژمارەی لە زستانی ساڵی ١٩٩٨ دەرچووە، تا هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ بەردەوام بووە، لەم ماوەیەدا حەڤدە ژمارەی لێدەردەچێت، ئەو بابەتانەی لە گۆڤاری هەولێر بلاوکراوەتەوە هەمەجۆرن، وەك بابەتەکانی (سیاسیی،

ئابوری، تەندروستی، هونەری، ئەدەبی و كۆمەلایەتی)، خاوەنی ئیمتیاز فرەنسۆ هەریری و سەرنوسەر فەیسەڵ دەباغ و بەرێوەبەری نوسین فوئاد صدیق بووە، شوێنی دەرچوونی گۆڤارەكە شاری هەولێر بووە ولە چاپخانەی رۆشەنبیری چاپكراوە.(گۆڤاری هەولێر،ژ(١)،١٩٩٨،ل١-٢) بەلام سەبارەت بە جۆری بابەتەكان و نوسەرانی گۆڤارەكە هەر ژمارەیەك چەند نوسەرێك بەشدارییان تێدا كردووە كە لە خوارەوە بە پێی رێز بەندی ژمارەكان دەخەینەروو.

**- ژمارەی یەكەم .**

ئەو ژمارەیە لە زستانی(١٩٩٨) بە قەبارەی (٢٠٨) لاپەڕە دەرچووە، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دوو تابلۆی (قەلات و مناره) كە لە لایەن دانیال قەساب لە ساڵی ١٩٤٥ كێشراوە، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش وێنەی مۆلەتی وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستانە تایبەت بە دەركردنی گۆڤارەكە(بروانە: گۆڤاری هەولێر، ژ(١)،١٩٩٨). ئەو نوسەرانەی كە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(٢٢) نووسەرن، كە ئەمانەن (فرەنسۆ هەریری، زوبیر بیلال ئیسماعیل، مەغدید حاجی، ئومید ئیبراهیم جۆزەلی، عەبدوللا حداد، تاریق جامباز، ساڵح حەیدەری، فەیسەڵ دەباغ، نوری هەزانی و عەبدوللا خورشید، مومتاز حەیدەری، فوئاد سەدیق، فەرهاد پیربال، پیرداود مەخموری، تاریق ئیبراهیم شەریف، عەبدولمەجید غەفور، مولود بێخالی، كەریم شارەزا، نەجات ئەسپیندارەیی، ئەحمەد حەیران، ئیدریس قەراجی، تاڤگە عومەر ئەحمەد). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیەدا نوسراون بریتین لە(مێژوویي، سیاسي، كۆمەڵایەتی، ئابووری، یاداشت، هونەری) لە دوا لاپەرەكانی گۆڤارەكەش بە ناونیشانی بیرەوەری كامیرا چەند وێنەیەك خراوەتەروو.(هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی دووەم .**

لە بەهاری(١٩٩٩) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە تابلۆی (قەلات) كە لە لایەن ئەسكەندەر عوسمان كێشراوە، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش وێنەی بەرگی كتێبی یەكێك لە سەرچاوەكانی تایبەت بە شاری هەولێرە بە ناونیشانی(تاریخ أربیل) (بروانە:گۆڤاری هەولێر،ژ(٢)،١٩٩٩). ئەو نوسەرانەی كە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(١٩) نووسەرن، كە ئەمانەن (فرەنسۆ هەریری، ساڵح حەیدەری، عوسمان موفتی، فەیسەڵ دەباغ، عەباس سلێمان، عەبدولحەمید بەرزنجی، مەولود بێخاڵی، پیرداود مەخموری، عەبدوللا زەنگەنە، مومتاز حەیدەری، سەردار میران، فەرهاد عونی، خالد وەرتی، د. فەرهاد پیربال، باكوری، كەریم شارەزا، كەریم دەشتی، نەژاد بەرزنجي، تاریق ئیبراهیم شەریف). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوە بریتین لە (مێژوویي، كارگێری، كۆمەڵایەتی، زانستی، یاداشتی كەسایەتیەكان، رۆژنامەڤانی) لە دوا لاپەرەكانی گۆڤارەكەش بە ناونیشانی بیرەوەری كامیرا چەند وێنەیەك خراوەتەروو.( هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی سێیەم .**

لە هاوینی(١٩٩٩) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە وینەیەكی كۆنی هەولێر كە لە كتێبی(من عمان الی العمادیه) ی عەلی سەیدو گۆرانی وەرگیراوە، دیوی ناوەوەی وێنەی قەلاتی هەولێرە(بروانە:گۆڤاری هەولێر،ژ(٣)،١٩٩٩).ئەو نوسەرانەی كە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(٢٠) نووسەرن، كە ئەمانەن(فەرەنسۆ هەریری، خەلیل ئیسماعیل محەمەد، پەرژین سادق مەعروف، عەباس سلیمان سماعیل،جەلال سنجاوی،رەمزیە سابیر محەمەد، كەریم شارەزا، سەلام ناوخۆش، مەغدید حاجی، عەبدولمەجیدغەفور، مەولود بێخالی، غازی حەسەن، ئومید

ئیبراهیم جۆزەلی، جابر پیرداود، نوری پەترۆس، کاکل محەمەد(بەهرام)، نەژاد بەرزنجی، محەمەد عزیز فەتاح، شیت مستەفا کاخدر، تاریق ئیبراهیم شەریف). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوە بریتین لە (مێژوویي، کارگێری، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، رۆژنامەڤانی، پیشەسازی، بیرەوەری کامیرا).( هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی چوارەم .**

لە پایزی(١٩٩٩) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە تابلۆیەکی بووك گواستنەوەی کوردەواری لە لایەن ئەسکەندەر عوسمان کێشراوە، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش دوو تابلو داندراوە، یەکەمیان بووك گواستنەوەی بەر دەرگای قەلاتە، دووەمیان ئافرەتێکی کورد دەستار لێدەکات(بروانە:گۆڤاری هەولێر،ژ(٤)،١٩٩٩). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(٢١) نووسەرن، کە ئەمانەن(فەرەنسۆ هەریری، نوری یاسین هەرزانی، فوئاد حەمە خورشید، ئەکرەم مولود ، عەبدولخالق سەرسام، عەباس سلیمان، سەردار میران، کەریم شارەزا، نوری پەترۆس، عوسمان موفتی، عوسمان مام یەحیا، فوئاد سەدیق، فەرهاد پیربال، عەبدوڵلا زەنگەنە، بەهرام محەمەد، مولود بێخالی، دلێر فرحان، جابر پیرداود، محەمەد عزیز فەتاح، مەحمود عەزیز، تاریق ئیبراهیم شەریف). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوە بریتین لە(گیروگرفتە کۆمەلایەتیەکان، یاداشتەکان،جوگرافي، هونەری، هەلسەنگاندنی کتێبە مێژوویەکان، وەرزشی، بیرەوەری کامیرا).(هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی پێنجەم .**

لە زستانی(٢٠٠٠) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە وێنەیەکی مێژوونوسی شاری هەولێر زوبێر بلال اسماعیل، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە بەرگەکانی چوار ژمارەی پێشوی گۆڤارەکە(بروانە:گۆڤاری هەولێر،ژ(٥)،٢٠٠٠). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(٢١) نووسەرن،کە ئەمانەن(فەرەنسۆ هەریری، عیمادین عومەر، سوزان موەفەق، عەباس سلیمان، جەلال سنجاوی، فەیسەڵ دەباغ، فەرهاد پیربال، حەکیم مەلا ساڵح، نوری پەتروس، فەرهاد عەونی، کەریم شارەزا، یوسف بەکر، عوسمان مام یەحیا، مەولود بێخالی، باکوری، زوبێر بیلال ئیسماعیل، شیرزاد عەبدولرحمان، شلێر سەید کەمال، مەحمود عەزیز، تاریق ئیبراهیم شەریف). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوە بریتین لە(مێژوویي، فەرهەنگی، جوگرافي، دەستنووس، ناودارانی هەولێر، رۆشەنبیری، بیرەوەرییەکان، هونەری، بیرەوەری کامیرا).(هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی شەشەم .**

لە بەهاری(٢٠٠٠) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنێکی شاری هەولێر ، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە تابلۆی ئافرەتێك و منالێکی کورد(بروانە: گۆڤاری هەولێر، ژ(٦)، ٢٠٠٠). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان (٢٠) نووسەرن، (فەرەنسو هەریری، عەبدولخالق سەرسام، ماهیر عەبدولواحید، پەرژین سادق، فەیسەڵ دەباغ، کۆمەلێك نووسەر، کەریم دەشتی، مولود بێخالی، عەباس سلیمان سمایل، عوسمان موفتی، عەبدوڵلا حداد، ئەکرەم مولود، بەرهەم عەلی، سەڵام ناوخۆش، جەلال سنجاوی، تاریق ئیبراهیم شەریف، عوسمان مام یەحیا، نەژاد بەرزنجی، پیرداود مەخموری، باوکی ڤینوار). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوە بریتین لە(مێژوویي، جوگرافی، هونەری، شارە کوردییەکان، بیرەوەرییەکان، بۆنە کوردییەکان، بیرەوەری کامیرا).(هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی حەوتەم .**

لە هاوینی(٢٠٠٠) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنی منارەیەکی مزگەوت ، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە تابلۆی

گوندێکی کوردستان(بروانه:گۆڤاری هەولێر،ژ(٧)،٢٠٠٠). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوه ژمارەیان(٢١) نووسەرن، کە ئەمانەن،(فەرەنسۆ هەریری، ئەحمەد شەریفی، ئومید ئیبراهیم، فەیسەل دەباغ، کەریم شارەزا، تاریق جامباز، عەباس سلیمان سمایل، پیرداود مەخموری، مەحمود زامدار، دلدار غەفور باڵەکی، جەلال خدر، کاکل محەمەد، باکوری، هوشیار عەبدوڵڵا، روستەم باجەلان، عەبدوڵڵا زەنگەنە، نازم دەهام جەمیل، عوسمان مام یەحیا، نەژاد بەرزنجی، جەلال سنجاوی، تارق ئیبراهیم شەریف). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوه بریتین لە(مێژوویي، جوگرافي، هونەری، شارە کوردییەکان، بیرەوەرییەکان، بۆنە کوردییەکان، بیرەوەری کامیرا).(هەمان سەرچاوە،ل٢).

**ـ ژمارەی هەشتەم .**

لە پایزی(٢٠٠٠) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنی رووی قەلات لە ساڵی ١٩١٨ ، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە دیمەنی بالەخانەی بانکی رەشید(بروانە:گۆڤاری هەولێر،ژ(٨)،٢٠٠٠). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوه ژمارەیان(٢٣) نووسەرن، ئەمانەن(فرەنسۆ هەریری ، تاهیر حەسۆ زیباری، جەلال سنجاوی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، فەیسەڵ دەباغ، محەمەد سەعید کوردە، عەبدولخالق سەرسام، عەباس سلیمان سمایل، جەلال خدر، دلشاد وەسانی، عزیزی مەلا ڕەش، نوری پەتروس، کەریم شارەزا، هوشیار عەبدوڵڵا، محەمەد بێوەدیی، فەتاح حەسەن قەڵاتی، حەتۆ مەربێن، عوسمان مام یەحیا،ئەحمەد سەلام،نەبەز روستەم، تارا محەمەد، بەختیار حەیدەر، تاریق ئیبراهیم شریف). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوه بریتین لە(مێژوویي،جوگرافي، بیرەوەری شۆرشی کوردستان، فەلسەفە، بیرەوەرییەکان، خوێندنەوەی کتێب، بیبلۆگرافیا، بیرەوەری کامیرا).(هەمان سەرچاوە،ل٢).

**ـ ژمارەی نۆیەم .**

لە زستانی(٢٠٠١) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە، دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنی شەقامی قەلات لە سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە وێنەیەکی بەردەم (چاپخانەی مەچکۆی ئێستا) کە دەگەڕێتەوە بۆ سالانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم (بروانە:گۆڤاری هەولێر،ژ(٩)،٢٠٠١). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوه ژمارەیان(٢٤) نووسەرن، کە ئەمانەن(فرەنسو هەریری، ئەحمەد شەریفی، جەمال رەشید،حسین حوزنی موکریانی،مارف حەزنەدار، فەیسەل دەباغ، عەباس سلیمان سمایل، تاریق جامباز، عەبدولخالق سەرسام، هاشم یاسین، ئەحمەد حەیران، هەوراز جەلال، جەلال خدر، عوسمان مفتی، محمد خدر مولود، هەورۆ نوری، جەمال گردە سۆری، ئەکرەم مولود، پیرداود مەخموری،محمد عەبدوڵڵا عمر، لەیلا عزیز خاکی، عوسمان مام یەحیا، هیوا گەلالی، ئاری فەیسەڵ). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوه بریتین لە(مێژوویي، جوگرافي، بیرەوەری شۆرشی کوردستان، فەلسەفە، بیرەوەرییەکان، خوێندنەوەی کتێب، بیبلۆگرافیا، بیرەوەری کامیرا).(هەمان سەرچاوە،ل٢).

**ـ ژمارەی دەیەم .**

لە بەهاری(٢٠٠١) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە، ئەم ژمارەیە تارادەیەك تایبەت کراوه بە ژیاننامە و چالاکیەکانی خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە بە هۆی تیرۆرکردنی لە ١٨ی شوباتی ٢٠٠١. دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوە و دواوە بریتی یە لە وێنەی فرەنسۆ هەریری(بروانە:گۆڤاری هەولێر،ژ(١٠)، ٢٠٠١). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوه ژمارەیان(٢٤) نووسەرن، کە ئەمانەن(کرمانج عەبدوڵڵا، محمد خدر مولود، عەلی حوسێن، شیراز سلیمان، وریا هوشیار،خسرۆ پیربال، عەبدولخالق سەرسام، فەرهاد عەونی،

فەیسەڵ دەباغ، تاریق جامباز، جابر پیرداود، عەباس سلیمان، عەبدوڵلا زەنگەنە، نوری پەتروس،جلال سنجاوی، ناهز عبدالرزاق، جەلال خدر، عەبدولخالق سەرسام، جەمال گردە سۆری، سەید مولود بێخالی، کەریم شارەزا، فەتاح حەسەن، ئاکۆ مەلا سەمەد). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوە بریتین لە(وتارەکانی رێورەسمی ناشتنی فەرەنسۆ هەریری، بیرەوەری، کۆمەلایەتی، یاداشتەکان، ووێنە مێژوویي یەکان، حەیران، ئابوری، بیرەوەری کامیرا).(هەمان سەرچاوە، ل٢).

**- ژمارەی یازدەم .**

له هاوینی(٢٠٠١) به قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە. دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنی دەرگای قەلات لە سالانی چل وپەنجاکانی سەدەی بیستەم ، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە ووێنەیەکی دەرگای قەلات و دوکانەکانی ژێرەوەی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم (بروانە:گۆڤاری هەولێر،ژ(١١)،٢٠٠١). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(٢٠) نووسەرن، کە ئەمانەن(مارف خەزنەدار، عەباس سلیمان سمایل، عبدولخالق سەرسام، تاریق جامباز، عەبدوڵلا زەنگەنە،جەلال خدر، محسن محمد، ئامانج غازی، فەیسەڵ دەباغ، هوشیار عەبدوڵلا، پیربال محمود، ئەحمەد حەیران، فوئاد سەدیق، ئومید جوزەلی، مولود بێخالی، ئەحمەد جەمال، سلیوە حەننا، اکرم مولود، نوری پەتروس، جەمال گردەسۆری). ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیە نوسراوە بریتین لە(مێژووی سیاسیي،جوگرافی، زانستی، هونەری، یاداشتەکان،ئاینی، رۆشەنبیری، بیرەوەری کامیرا).(گۆڤاری هەولێر،ژ(١١)،٢٠٠١،ل٢).

**- ژمارەی دوازدەم .**

له هاوینی(٢٠٠١) به قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە. دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنی منارەی چۆلی و دەوروبەری کە بریتی یە لە پردێك و رێگایەکی خۆل، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە ووێنەیەکی گەرماو ومزگەوتی قەلات(بروانە:گۆڤاری هەولێر،ژ(١٢)،٢٠٠١). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(١٣) نووسەرن، ئەمانەن(عەباس سلیمان سمایل، قادر محەمەد، محەمەد عەبدوڵلا، یوسف سالح، فەیسەڵ دەباغ، عەباس هورمزیار، جەلال سنجاوی، عوسمان عەبدولرەحمان، عزیز مەلا رەش، عەبدولکەریم هاوتا، هوشیار عەبدوڵلا، محسن محەمەد، شێرکۆ ئیسماعیل). ئەو ژمارەیە ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێت (یاداشت، مێژووی سیاسیي، شانۆ، جوگرافیا، هەلسەنگاندنی کتێب).(هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی سێزدەم .**

لە پایزی(٢٠٠١) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە. دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنی چایخانەی مەچکۆی لە خوار قەلات، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە ووێنەی بەرگی ژوار ژمارەی گۆڤارەکە (گۆڤاری هەولێر،ژ(١٣)،٢٠٠١). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(٢٠) نووسەرن،کە ئەمانەن(ئەحمەد شەریفی، عەبدولخالق سەرسام، محەمەد خدر مولود، هوشیار عەبدوڵلا، محسن محەمەد، فاتیح دارەبەنی، نەزیرە حوزیر ساڵح، ئومید جۆزەلی، عەباس سلیمان سمایل، جەمال ئیسماعیل، سیلوە حەننا، مەسعود پەریشان، جەلال خدر، نوری پەترۆس، ئومید ئاومالّی، جەلال سنجاوی، رۆستەم باجەلان، ئەحمەد حەیران، جەمال گردەسۆری). ئەو ژمارەیە ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێت (مێژوویي، کۆمەلایەتی، ئەدەب، گەریدەکان،زانستی،سەربردە،حەیران). (هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی چواردەم .**

لە بەهاری(٢٠٠٢) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە. دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنی باڵەخانەی کۆشکی هونەر کە دوای راپەرین دروستکرا، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش هیچ ووێنەیەك لەخۆ ناگرێت(گۆڤاری هەولێر، ژ(١٤)، ٢٠٠٢). ئەو

نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(١٩) نووسەرن، کە ئەمانەن(ئەحمەد شەریف، هوشیار عەبدوڵڵا، مارف خەزنەدار، عزیزی مەلا ڕەش، مەسعود پەرێشان، تاریق جامباز، عەبدولخالق سەرسام، مولود بێخالی، ئەحمەد حەیران، نوری پەترۆس، رۆستەم باجەلان، عەباس سلیمان سمایل، فاتیح داربەنی، عوسمان عەبدوڵڵا سمایل، حیکمەت عەبدولعزیز، پیرداود مەخموری، کەریم شارەزا، جەلال خدر، عومەر یاسین جەباری). ئەو ژمارەیە ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێت (مێژوویي، کۆمەلایەتی، نەتەوەیي، کەسایەتی، هونەری لاوك، فۆلکلۆر).(هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی پانزەم .**

لە هاوینی(٢٠٠٢) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە. دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە ووێنەیەکی فەرەنسۆ هەریری کە شوفێری تراکتۆرێك دەکات، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش هیچ ووێنەیەك دانەندراوە(گۆڤاری هەولێر،ژ(١٥)،٢٠٠٢). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(١٨) نووسەرن، کە ئەمانەن(عەبدولخالق سەرسام، محمەد عبداللە کاکە سور، مارف خەزنەدار، هوشیار عەبدوڵڵا، محسین محمد حسین، عەزیز نەباتی، جەلال سنجاوی، عەباس سلیمان سمایل، حەکیم مەلا سالح، موحسین محەمەد، عبدلرحمان مەلا سەعید، مسعود پەریشان، ئیسماعیل بەرزنجی، پیرداود مەخموری، جەلال خدر مولود، مستەفا ئەحمەد حەیران، فاتیح دارەبەنی). ئەو ژمارەیە ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێت (مێژوویي، کۆمەلایەتی، ئابوری، هونەری شانۆ، کەسایەتیەکان، بیرەوەری).(هەمان سەرچاوە، ل٢).

**- ژمارەی شازدەم .**

لە پایزی(٢٠٠٢) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە. دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنی دوکانەکانی ژێر قەلات لە سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە ووێنەیەکی بالەخانەی شارەوانی(گۆڤاری هەولێر، ژ(١٦)، ٢٠٠١). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(٢١) نووسەرن، کە ئەمانەن(عەبدولخالق سەرسام، هوشیار عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا حداد، کەریم شارەزا، عەباس سلیمان، جەلال سنجاوی، محمەد عبداللە کاکەسور، نوری پەترۆس، محسن محمد، پیرداود مخموری، حاجی فاتیح دارەبەنی، عوسمان عەبدالرحمان، فەریدون سامان، روستەم باجەلان، محمد خدر مولود، دلاور حسێن کریم، جەمال گردە سۆری، ئیسماعیل بەرزنجی ، شەهلە برهان عبدللە، باوکی سلێوە، شێرکۆ اسماعیل). ئەو ژمارەیە ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێت (مێژوویي، جوگرافیا، کۆمەلایەتی، بەلگەنامەیي، هونەری مەقام، حوێندنەوەی کتێب، زانستی). (هەمان سەرچاوە،ل٢).

**- ژمارەی حەڤدەم .**

لە زستانی(٢٠٠٣) بە قەبارەی (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە. دیوی ناوەوەی بەرگی پێشەوەی بریتی یە لە دیمەنی دوکانەکانی ژێر قەلات لە سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، دیوی ناوەوەی بەرگی دواوەش بریتی یە لە ووێنەیەکی بالەخانەی شارەوانی(بروانە:گۆڤاری هەولێر، ژ(١٦)، ٢٠٠١). ئەو نوسەرانەی کە لەم ژمارەیە بابەتیان نوسیوە ژمارەیان(١٧) نووسەرن، کە ئەمانەن(عەبدوڵلا حەداد، عباس هورمزی، ئاکۆ بورهان محەمەد، عبدولخالیق سەرسام، حاجی فاتیح دارەبەنی، سەید بەرزۆ، حەکیم مەلا سالح، عەبدولرەحمان ئاوماریل، ئارارات ئەحمەد، تاریق جامباز، نەژاد بەرزنجی، مولود بێخالی، عەباس سلیمان، نزار زرارگزالی، عبدالخالق سەرسام، مسعود پەریێشان، هورمزیار، پیربال محمود). ئەو ژمارەیە ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێت (مێژوویي، جوگرافیا، کۆمەلایەتی، بەلگەنامەیي، هونەری مەقام، حوێندنەوەی کتێب، زانستی). (هەمان سەرچاوە،ل٢).

**تەوەرەی دووەم: ڕوداوە سیاسیەکانی سەردەمی پاشایەتی لە گۆڤاری هەولێر.**

سەردەمی پاشایەتی ١٩٢١ ـ ١٩٥٨، چەندین ڕووداوی سیاسي لەخۆدەگرێت کە بەشێکیان بە پەیوەندی بە رەوشی ناوخۆ وهەندێك پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی شانشینی عێراق هەبووە ،و لە نێو ئەو ڕووداونەدا کەسایەتیە سیاسییەکان رۆڵی دیار و چالاکیان بینیوە، گۆڤاری هەولێر بە (سێ) شێوە ئەو لایەنەی خستۆتە ڕوو، یەکەمیان ، لە چوار چێوەی رۆڵی کەسایەتیەکان ، دووەمیان ، دیارخستنی خودی ڕووداوەکان ، سێیەمیان، یاداشتەکانن ، کە لەم تەوەرە بە جیا باس لە هەر سێ لایەن دەکەین:

**١ ـ کەسایەتیەکان .**

وەك لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارەدا هاتووە ئەو کەسایەتیانەی کە رۆڵیان لە ڕووداوە سیاسییەکان لەم ماوەیەدا هەبووە و گۆڤاری هەولێر ئاماژەیان پێدەکات ئەمانەن.

**ـ مەعروف چیاووك.**

مەعروف کوری عەلی ئەسغەر فەندی کوری حاجی مەولود ئەسعەد بەدیعوئەلزەمانە، لە ساڵی ١٨٨٥ لە دایك بووە و لە ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەگەڕێننەوە بۆ شاری هەولێر(عوبێد، ژ١١، ٢٠٠٩، ل١٠). دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کوردان لە ١٩ی مایسی ١٩٣٠ بە یەکێك لە هەوڵ و کۆششەکانی ئەو ڕۆشنبیرە کوردانە دادەندرێت کە لە شاری بەغدا بوون(نەریمان،١٩٩٤،ل٧ـ٨)، مەعروف جیاوك لەم بوارەدا رۆڵێکي دیاری بینوە بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ٩ی شوباتی ١٩٣٠ یاداشتێك بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی یانەی سەرکەوتنی کوردان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکات(ساڵح،٢٠١٢،ل٢٥٩)، دوای لێکۆلینەوەو هەڵسەنگاندنی پێرەوی ناوخۆ و ئامانجەکانی یانەکە وەزارەتی ناوخۆ ڕەزامەندی کردنەوەی دەدات بەو مەرجەی کە نابێ کاری سیاسی بکات ومەڵبەندەکەشی لە شاری بەغدا بێت(کریم،٢٠٠٩،ص٢٢٦؛ قادر،٢٠١٣،ل٢٩٧)، بەمجۆرە بە لە ٣٠ی مایسی ١٩٣٠ لە سینەما رویال یانەی سەرکەوتن کرایەوە.(صابر،٢٠٠٧،ص٩٠).

مەعروف جیاوك بە باوەرپێکراو (معتمد)ی گشتی یانەی سەرکەوتن هەڵبژێردرا(محمد،١٩٩٢،ل٢٨١)، نزیکەی دوو ساڵ یانەی سەرکەوتن کارو چالاکیەکانی لە خانووی مەعروف جیاوك لە شاری بەغداد بەرێوە دەربرد(باوەر،٢٠٠٤،ل٦٤-٦٥). نابراو بە مەبەستی پاڵپشتیکردن و سەرکەوتنی کارەکانی یانەی سەرکەوتن سەردانی شاری هەولێر دەکات کە ئامانجلە سەردانەکەشی کۆکردنەوەی بەخشین ویارمەتی بووە لە کەسایەتی و ناودارەکانی هەولێر بۆ یانەی سەرکەوتن.(سدیق، ١٩٩٨، ل١٣٣).

مەعروف چیاوك لە بواری سیاسییدا کاری کردووە و لە ساڵی ١٩٢٧ دەبێتە جێگری بەرپرسی لقی خۆیبون لە شاری موسڵ و لە ساڵی ١٩٢٨ بە نوێنەری لیوای هەولێر دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.(شارەزا،١٩٩٢،ل١٨٣)، ولە میانی دانیشتەنەکانی ئەنجومەن هەلوێست و بیروبۆچوونی گرنگی خستۆتەروو و دەنگێك بووە بۆ پالپشتی لە داواکانی نەتەوەکەی(بۆ زیاتر زانیاری بروانە. ساڵح،٢٠١٢،ل١٩٧ ـ ٢٠٦) . لە کاتی بەستنی پەیمانی عێراقی ـ بەریتانی لە ساڵی ١٩٣٠ هاوشێوەی سەرۆك هۆز و پیاو ماقوڵان و کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد لە لیوای هەولێر داوای دابینکردنی مافەکانی نەتەوەیي کورد لەم پەیماننامەیە دەکات و لە دانیشتنەکان پەیوەست بەو پرسە رۆڵی کاریگەری

هەبووە(ئەمین،١٩٩٩،ل٥٠). لە لایەکی تر هەر لە بارەی پرسی نەتەوەیی پشتگیری لە هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی و چەکداری کورد کردووە.(رەسول،٢٠٠٧،ل٢١).

لە بواری یاسایشدا رۆڵی دیاری بینیوە لە ساڵی ١٩٣١ لە بەر لێهاتوویی لەم بوارەدا کراوە بە دادوەر لە شاری کەربەلا، لە ساڵی ١٩٣٣ گواستراوەتەوە بۆ دادگای بەرایی کەرکوك و لە ساڵی ١٩٣٤ بە جێگری سەرۆکی دادگای کەرکوك دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٣٦ کراوە بە پشکێنەری داد ، و لە ساڵی ١٩٣٨ کراوە بە داواکای گشتی، و لەساڵی ١٩٤١ بووە بە تۆمارکەری یاسایی، و لە ساڵی ١٩٤٢ دەبێتە ئەندامی دادگای تەمیز(ساڵح،٢٠١٢،ل٢٨ـ ٢٩) و لەبواری کارگێری لە ساڵی ١٩٤٤ دەبێتە موتەسەریفی لیوای سلێمانی بەلام بەخۆی لە ساڵی ١٩٤٦ بە خۆی دەست لە کاردەکێشێتەوە و لە ماوەی ١٩٤٦ ـ ١٩٤٧ بەرێوەبەری گشتی ئینحساری تون بووە کە ودا کاری میری بووە ودوای ئەوە خەریکی کاری پارێزەری دەبێت.(ساڵح،٢٠١٢،ل٣٠؛ الصویرکي،٢٠٠٦،ل٧١٧).

چیاوك یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی کە لەمەر کێشە و بابەتە هەستیارەکان بیر و بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەبووە و کەسایەتیەکی کاریگەر بووە، بۆ نمونە هەر چەندە هاورێی خوێندنی رشید عالی گەیلانی دەبێت لە ئەستەنبۆل لە کۆلێژی ماف، بەلام لەو کاتەی رشید عالی دەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق داوای لێدەکات ببێت بە وەزیری داد بەلام لە وەڵامدا پێی دەڵێت **"من وەزیرایەتی لەگەڵ تۆدا ناکەم چونکە جەنابت ئێستا سەرۆك وەزیرانی عێراقی و جەنگ لە گەڵ بەریتانیا دەکەی، ئەو کاتەش تۆ و حکومەتەکەت بەردەوام نابێت، چونکە ناتوانی بەرامبەر بەریتانیا لەسەر جەنگ کردن بەردەوام بیت"**(جەمباز،٢٠٠١،ل٧٣).دەکرێت بوترێت هەڵوێستەکانی وەك کەسێکی دووربین بۆ روداوەکان لێکدانەوەی کردووە ودوور بووە لە هەڵپەرستی بەدەستهێنانی مەرامە کەسایەتیەکانی خۆی.

هەر سەبارەت بە هەڵوێستەکانی مەعروف جیاوك، دوای مردنی شا غازی لە ساڵی ١٩٣٩ بە روداوی ئوتومبێل، بە مەبەستی لێکۆلینەوە لەوروداوە دادگایەکی عورفی دامەزرا و چەند ئەفسەرێکیان دەستگیرکرد کە دەکرێت ئامانج لەوە بزر کردنی روداوی مردنەکەی بێت، چونکە هەر یەك لە (نوری سەعید و وەسی عەبدولئیلا) لەو ئەفسەرانە دەترسان نەوەك جولانەوەیەك لە دژیان بەرپابکەن، لە نێو ئەو گیراوانە(حیکمەت سلێمان) یەکێك بوو لە گیراوەکان کاتێك حوکمی لەسەر سێدارەدانیان دەرکرد، بڕیارەکەیان بردە لای مەعروف جیاوك بۆ ئەوەی واژووی لەسەر جێبەجێکردنی بکات، بەڵام ناوبراو ڕازی نەبووە و رەتی دەکاتەوە، ولەم بارەیەوە دەڵێت: **"من ئەو ئەوراقانە بەپێی یاساو ویژدان واژوو دەکەم"**، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی ناکۆکی لە نێوان سەرۆك ئەنجومەنی عورفی عەقید عبدالعزیز یامولکی و مەعروف جیاوك، لەم کاتەدا نوری سەعید داوای لێدەکات کە واژۆی بکات بەڵام دووبارە رازی نابێت، بۆ هەمان مەبەست سەردانی وەسی عەبدولئیلا دەکات، بەلام لە بەر ئەوەی جیاوك ئاگاداری هەولەکان بووە و وەسی بە ئارامی قسەی لە گەڵ دەکات و پێی دەڵێت بە کەیفی خۆت بکە، لەوەلامی وەسیدا پێی دەڵێت **" بە گوێرەی یاساو ویژدانم بڕیار دەدەم"**، ئەم هەلوێستەی ناوبراو دەبێتە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی عورفی کە دادگای ئەفسەرەکانی لە ئەستۆ بووە، بڕیاری بێ تاوانی بۆ گشتیان دەربکات.(جامباز،٢٠٠٥،ل١٠٤ـ١٠٧).

**ـ ئەبوبەکر مەلا عومەر ئەفەندی (مەلا فەندی).**

ئەبوبەکر کوری عومەر کوری ئەبوبەکر کوری عوسمان فەندییە و ناسراوە بە (مەلا فەندی). لە ساڵی ١٨٨٣ لە هەولێر لە دایك بووە و لە ٣١ی کانونی یەکەمی 1942 مردوە و لە گوندی باداوە نێژراوە(شارەزا،١٩٩٩،ل٨٥). باپیرە گەورەیان لە سەردەمی شا ئیسماعیلی

سەفەوی (١٥٠١-١٥٢٤) بەهۆی دووبەرەکیان لەگەڵ ناوبراو بە هۆی هەندێ کێشەی ئاینیەوە(وەك بنەماڵەی حەیدەرییەکان) لە ئێرانەوە هاتونەتە باشوری کوردستان لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبن(گۆمەتاڵی،٢٠١٢،ل٢١).

مەلا فەندی یەکێکە لە زانا وکەسایەتیە کۆمەلایەتیەکانی شاری هەولێر کە لە ماوەی (٥٩) ساڵی ژیانیدا خزمەتێکی زۆری بە لایەنی ئاینی و کۆمەلایەتی و زانستی و ئەدەبی کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی کردووە. لە زۆر ناوچەی کوردستان فەقێ و موستەعید بۆ خوێندن روویان لە شاری هەولێر کردووە لە لای مەلا فەندی خوێندویانە وبروانامەی مەلایەتی زیاتر بە (١٥٠) مامۆستای ئاسنی داوە بۆ نمونە مەلا ساڵح کۆزەپانکەیی و مەلا عبید سوێری و مەلا سادق سێبیرانی لە فەقێیەکانی ناوبراو بوون.(فەرهادی،٢٠٠١،ص٢٤٥ -٢٤٦).

مەلا فەندی لە بواری کۆمەلایەتیدا رۆڵی دیاری بینیوە لە سەقامگیری کۆمەلایەتی و ئاشتەوایی بە تایبەتی لە شەڕی ناوخۆی نێوان عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر و پاراستنی مەسیحیەکانی هەولێر لە کاتی دروست بوونی هەرەشە لەسەریان، هەر چەندە کەسایەتیەکی ئاینی بووە بەلام لە رووداوە سیاسییەکانیش هەلوێست و رۆڵی دیاری بینیوە، بۆ نمونە پالپشتی داواکانی شێخ مەحمودی کردوە ولە چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ هەولی داوە لەگەل عێراق بمێنێتەوە و، لە کاتی راپرسی بۆ دانانی مەلیك فەیسەڵ کوری حوسێن بە مەلیکی عێراق رۆڵێکی گرنگی بینوە لە سەرخستنی راپرسیەکە(قادر،٢٠٠٨،ل١٣١)،

ئەم هەڵوێستانەی مەلا فەندی شوێنی لە لای بنەمالەی شاهانە بەرز دەکاتەوە، هەر بۆیە دوای مردنی شا فەیسەلی یەکەم لە ٨ی ئەیلولی ١٩٣٣، شا غازی کوری فەیسەل لە ١٩٣٥ لەو کاتەی سەردانی شاری هەولێری دەکات دەبێتە مێوانی مەلا فەندی، هەروەها لە کاتی رودانی بزوتنەوەی مایسی ١٩٤١ ئەمیر فەیسەل کوری غازی و مەلیکە عالیە لە مالی ناوبراو لە باداوە دەمێننەوە تا رەوشی شاری بەغدا ئارام دەبێتەوە(شارەزا،١٩٩٩،ل٨٣). جێگای ئاماژەیە پەیوەندی مەلا فەندی بە بنەماڵەی شاهانەی عێراق دەگەرێتەوە بۆ ناوەراستی بیستەکانی سەدەی بیستەم لەو کاتەی شا فەیسەڵی یەکەم سەردانی هەولێر دەکات لای ئەو مێوان دەبێت، بەرامبەر ئەو میوانداریەی مەلا فەندی لە ڕۆژنامەی(فتى العراق) شا فەیسەل وەسفی ناوبراو دەکات و دەڵێت: **"مەلا فەندی نەك هەر لەباکوری عێراق هاوتای نیە، بەلکو لە هەموو عێراق و جیهانیشدا لە چاکەو پیاوەتیدا بێ هاوتایە"**(فتى العراق،ع(٢٤٥)،١٩٤٣).

هەر چەندە ناوبراو زۆر بە کەمی سەفەری شارەکان و ولاتانی کردووە بەلام مالەکەی لە هەولێر شوێنی حەوانەوە وکۆبوونەوەی زۆر لە کەسایەتی ناوخۆیی و بیانی بووە(فەرهادی،٢٠١٢،ل١٤)، سەرەرای بینیی بەرپرسەکانی بەریتانی لە هەولێر و ئەفسەرانی بەریتانی سەردانی مالەکەیان لە باداوە کردووە.(سالح،٢٠١٢،ل٨٧).

دوای مردنی رۆژنامەی(فتى العراق) لاپەرەیەکی تایبەت دەکات بۆ بلاوکردنەوەی پرسەنامەکان کە لە لایەن چەندین کەسایەتي عێراقی و بیانیەکان پێشکەش کران، لەوانە: (وكيل رئيس التشريفات الملكيه - نوری سعید ، کنهان کورانوالس ، محمد ئەلسەدر (رئيس مجليس الأعيان) - عبدالمجبد الينتوي موتەسەریفی موسڵ ، جميل المدفعى ، داود الحيدرى - کولونيا لاين.(دەباغ،٢٠٠٠،ل٧٥).

**- خدری ئەحمەد پاشای دزەیی .**

خدر کوری ئەحمەد کوری حوسێن کوری عەلی ئاغا کوری سولەیمان ئاغای کوری حەسەن ئاغای گەورەیە، لە ساڵی ١٨٨٠ لە گوندی سۆربەش سەر بە ناحیەی (قوشتەپە) لە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە. خدر بەگکە بە(خدری پاشا) ناسراو بووە لە گەڵ ژمارەیەك

سەركردە و سەرۆكەكانی دیكەی عەشیرەتەكانی كورد بەشداری لە شەری دژی هێزەكانی روس لە كاتی هێرشیان بۆ ناوچەكانی رەواندز دەكات(ئۆمەر،٢٠٠٧،ل٤٥).

خدری پاشا لە بواری سیاسیدا رۆڵی دیار بینیوە هەر لە سەرەتاكانی بیستەكانی سەدەی بیستەم لە كاتی هاتنی لیژنەی چارەسەر كردنی كێشەی موسڵ وەك زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەكانی باشوری كوردستان راو سەرنجی وابووە كە ولایەتی موسڵ لە گەڵ شانشینی عێراق بمێنێتەوە، خدری پاشا لە زۆر لەو كۆڕ و كۆبونەوە سیاسیانە بەشداری دەكات كە پەیوەندی بە رەوشی سیاسیی كوردستان هەبووە، بۆ نمونە لە ٩ی ئابی ١٩٣٠ لەو كاتەی شاندێك لە بەغدا دەربارەی پەیماننامەی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ نێوان عێراق وبەریتانیا دێتە هەولێر لە دیوانی موتەسەرفیە لە گەڵ سەرۆك عەشیرەتەكان و پیاوە ماقوولانی لیوای هەولێر كۆدەبێتەوە، خدری پاشا ئامادەی ئەو كۆبوونەوە دەبێت و بیرو رای خۆی دەخاتەروو.(شكر،٢٠٠٥، ل٤٤؛ قادر،٢٠٠٨،ل١٧٣).

سەبارەت بە پەیوەندییەكانی لە گەڵ سەركردە سیاسی وكۆمەلایەتی و سەربازییەكان لە سەر ئاستی كوردستان و عێراق لە ئاستێكی باشدا بووە بۆ نمونە پەیوەندییەكی بەهێزی لە گەڵ بەكر سدقی (١٨٨٦-١٩٣٧) هەبووە و دەگەرێتەوە بۆ سییەكانی سەدەی بیستەم، بەكر سدقی لەو كاتەی سەركردەی تیپی دووی سوپای عێراق بووە لە كەركوك سەردانی ناوبراو لە گوندی سۆربەش دەكات، هەروەها لە چلەكانی سەدەی بیستەم پەیوەندی لە گەڵ سەرۆك وەزیران نوری سەعید (١٨٨٨- ١٩٥٨) پەیوەندییەكی باش بووە. لەوكاتەش كە مستەفا بارزانی (١٩٠٣ - ١٩٧٩) لە هاوینی ١٩٤٤ پەیوەندی بە سەرۆک عەشیرەتەكانی هەولێر و دەوروبەری دەكات، لە هۆزی دزەییەكان خدری پاشا و عەلی مەحمودی كاكە خان و هەمزە حەسەن بەشدار دەبن(شارەزا، ١٩٩٩، ل٩٢). لە خولەكانی حەوتەم وهەشتەم و نۆیەم ودەیەم ویازدەم وسێزدەم وپازدەم وشازدەم بە نوێنەرایەتی لیوی هەولێر دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران . تا روودانی شۆرشی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ لە گوندی سۆربەش نیشتەجێ بووە و بەلام پاش نەمانی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق هاتوتە شاری هەولێر، لە رۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٨٦ لە تەمەنی ١٠٦ ساڵیدا لە هەولێر كۆچی دوایی كردووە(ئۆمەر،٢٠٠٧،ل٤٥).

**- جەمیل ئاغای حەویزی .**

جەمیل كوری سەعد ئاغای كوری بەكر ئاغای حەوێزی یە، لە ساڵی ١٨٦٩ لە شاری كۆیە لە دایكبووە، هەر لە مزگەوتی گەورەی كۆیە لە ساڵی ١٨٧٦ز خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی و شارەزای زمانەكانی عەرەبی و فارسی بووە، لە كۆتاییەكانی سەردەمی عوسمانیدا كراوەتە سەرۆكی شارەوانی كۆیە، ودوای كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی و داگیركردنی كوردستان لە لایەن بەریتانیەكان بەفەرمانی بەریتانیەكان دەبێتە یاریدەدەری حاكمی سیاسیی كۆیە(شارەزا،٢٠٠٠،ل١٣٤). لە سەردەمی دەسەلاتدارێتی شێخ محمود لە سلێمانی جەمیل ئاغا سەرۆكایەتی شاندێك دەكات دەچێتە شاری سلێمانی و پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی ناوبراو دەكات.(عیسی،١٩٩٢،ص١٣٣ - ١٣٤).

دوای دامەزراندنی حكومەتی كاتی نیشتمانی لە عێراق بە سەرۆكایەتی عەبدولرەحمان گەیلانی(١٨٤١-١٩٢٧) لە سالانی ١٩٢١ - ١٩٣١ دەبێتە قائیمقامی كۆیە(شارەزا،٢٠٠٠،ل ١٣٤؛ ئۆمەر، ٢٠٠٧،ل٣٩) . ناوبراو لە خولی شەشەم و نۆیەم و دەیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بووە بە ئەندامی ئەنجومەن(قادر،٢٠١٣،ل١٣٢؛ئۆمەر،٢٠٠٧،ل٣٩). جەمیل ئاغا لە كاتی دانیشتنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بیروسەرنجەكانی خۆی خستوتەروو بە تایبەتی چەند جارێك پێشنیاری بە سوودی بۆ بوژانەوەی رەوشی ئابوری ناوچەكانی كوردستان پێشكەش بە سەرۆكایەتی ئەنجومەن كردووە(شارەزا،٢٠٠٠،ل١٣٤).

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٢ عەلی شەفیق چەركەسی (ئۆزدەمیر پاشا) پەیوەندی بە ژمارەیەك لە ناودارانی كورد دەكات، كە بووە هۆی مەترسی

بەریتانیەکان(قادر،٢٠٠٥،ل٤١). هێزێکی(٧٠) کەسی لە چەکدارانی ئۆزدەمیر بەسەرۆکایەتی(رەمزی) گەیشتنە ناو کۆیەو لەو کاتە هێزەکانی بەریتانی بۆ هەولێر کشانەوەو بەریتانیا هەفتەیەک مۆڵەتیان پێدان بۆ دەرکردنی تورکەکان، جەمیل ئاغا رۆڵی دیار دەبینێت و چاوی بە بەرپرسی سەربازی تورکەکان دەکەوێت بەلام کاتێک رەمزی هەست دەکات کە چەکدارەکانی جەمیل ئاغا چەندە دڵسۆز و بە جەرگن و دەگاتە ئەو باوەرەی ناتوانێت لەوێ بمێنێتەوە بۆیە لە بەرامبەر کشانەوەیان داوای هەندی پارەو ئازوقە دەکەن.(شارەزا،٢٠٠٠،ل ١٣٤).

جەمیل ئاغا لە ٢٠ی مایسی ١٩٣٠ وەك موتەسەریفی هەولێر بە وەکالەت دەست بەکار دەبێت، بەلام لەو کاتەی داوای لێدەکرێت بەردەوام بێت وەك هەلوێستێك بەرامبەر بەریتانیەکان رازی نابێت و دەلێت **:" لەدیوانی موتەسەریفەییەت، موفەتیشی ئیداری ئینگلیز هەیە و دەبێت ئەو ئاگاداری هەموو کارەکان بێت لێرەدا چ گەورەیی و پیاوەتی بۆ من نامێنێتەوە".**( شارەزا،٢٠٠٠،ل ١٣٤). ناوبراو لە مانگی مارتی ١٩٤٦ مردووە.(ئۆمەر،٢٠٠٧،ل٣٩).

**ـ عیزەدین مەلافەندی.**

عیزەدین کوری ئەبوبەکری چوارەم کوری عومەر فەندی ناسراو بە (کوچك مەلا) یان(مەلا فەندی)یە, لە ساڵی ١٩١٦ لە بنەمالەیەکی ئاینی شاری هەولێر لە دایك بووە، هەر لە مندالیەوە بە هۆی پلەو پایەی ئاینی وکۆمەلایەتی باوکییەوە تێکەل بۆ کۆر و دانیشتنی پیاو ماقولان و سیاسیی و ئاینیەکان بووە، ئەمەش کاریگەری لە سەر هەستی نەتەوایەتی خۆی دەکات هەر وەك لە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئاشنایەتی لەگەڵ بیری نەتەوایەتی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٧ لە کاتەی وەزیری بەرگری نوری سەعید لە حکومەتی جەعفەر عەسکەری(١٨٨٥ ـ ١٩٣٦) سەردانی شاری هەولێر دەکات و لە قەسری باداوە میوانی مەلا فەندی باوکی دەبێت. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٤ هاوکات لەگەڵ سەردانی مستەفا بارزانی بۆ کۆشکی باداوە لە هەولێر، سەعید قەزاز موتەسەریفی ئەو کاتەی هەولێر داوا لە عیزەدین فەندی دەکات نامەیەك بۆ مستەفا بارزانی بنوسێت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاوی بە مستەفا عومەری سەرۆك وەزیران بکەوێت، بارزانی و مستەفا عومەری لە موسڵ چاویان بە یەکتر دەکەوێت، دواتر بارزانی هەمان شەو دەگەرێتەوە و هەر لە کۆشکی باداوە چاوی بە سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتی ناوچەکە دەکەوێت.(عەونی،٢٠٠١، ل٥٨).

عیزەدین مەلا فەندی بروانامەی ماستەر لە ئابوری لەزانکۆی ئەمەریکی لەلەندەن بەدەست دێنێت وسارەزایي لە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و تورکی هەبووە، بۆ یەکەمین جار لە ئاداری ١٩٤٧ وەك نوێنەری هەولێر دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق(بێخالی،٢٠٠٥،ل١٨٥)، لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا دەبێتە جێگری دووەمی ئەنجومەنی نوێنەران و لە خولی چوارده و شازدەم دەبێتە جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دواتریش لە چەند خولێکی تر دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و پلەی وەزیری بێ وەزارەتی وەرگرتوە(ئۆمەر،٢٠٠٧،ل٦١)، پەیوەندییەکی باشی لە گەل بەرپرسەکانی سەردەمی پاشایەتی هەبووە بە تایبەتی نوری سەعید هەر بۆیە تا بەرپا بوونی شۆرشی ١٤ی تەمموز ١٩٥٨ لە پلەکانی حکومەتی پاشایەتی بەردەوام بووە.(نجار،٢٠١٣،ص٨٦).

دوای سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمموز، ناوبراو لە ٢٩ی تەموز ئاگادار دەکرێتەوە کە لە بەغداوە فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەرچووە و دوای دەستگیرکردنی مانگێك و ٢٣ رۆژ لە زیندان دەمێنێتەوە بەڵام دوای ئەوەی هیچ تۆمەتێکی لەسەر ساغ نابێتەوە ئازاد دەکرێت.(کوردستان ،١٩٩٧ ل٣٩). لە ١٢ی مایسی ١٩٩٩ لە هەولێر مردوە لە گۆرستانی باداوە نێژراوە.(ئۆمەر،٢٠٠٧،ل٦٢).

**ـ جەودەت ئەحمەد ناجی.**

جەودەت کوڕی ئەحمەد کوری سۆفی بەقاڵە ، یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٢٨ لە گەڕەکی خانەقا لە دایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو دەکات و دواتر لە کولێژی ماف لە بەغدا وەردەگیرێ.(خدر،٢٠٠٢،ل١٧٥).

سەبارەت بە رۆڵی سیاسیی هەر لەو کاتەی قوتابی بووە لە زانکۆی بەغدا بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی شاری بەغداد کردووە وەك لەوانە خۆپیشاندانی کانونی دووەمی ١٩٤٨ لە دژی پەیماننامەی پۆرتسمۆس، و بەردەوامی لەسەر چالاکییە سیاسییەکانی لە شاری بەغداد وەك لێپرسراوی کۆلێژی ماف و بەرپرسی رێکخستنەکانی ئافرەتان لە ئەعزەمیە(شکر،2005،ص٢٤٥). دەبێتە هۆی دەستگیرکردنی لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٤٨ و حوکمی(٢٠) ساڵ زیندانی بەسەردا دەدرێت. دوای (٦) ساڵ بەندکردنی لە نیسانی ١٩٥٤ ئازاد دەکرێت.( خدر،٢٠٠٢،ل١٧٥).

جودەت ئەحمەد ناجی دوای ئازاد بوونی لە بەندیخانە لە ساڵی ١٩٥٥ وەکو نوسەری ناحیە دادەمەزرێت و دواتر لە دیوانی موتەسەرفیەی لیوای هەولێر دەبێتە بەڕیوبەری نوسین، لە ساڵی ١٩٧٥ ڕاژەکەی وەکو بەرێوبەری ئیدارەی ناوخۆیی بۆ ئەمینداریەتی گشتی کاروباری ناوخۆ دەگوازێتەوە و دواتریش دەبێتە جێگیری ئەمینداری گشتی، لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ دواجار واز لە کاری فەرمانبەری دەهێنێت و خۆی خانەنشین دەکات.( خدر،٢٠٠٢،ل١٧٥).

**- ابراهیم اسماعیل عمر (برایم فەندی) .**

یەکێکە کەسایەتیە ناسراوەکانی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی گردپانی سەر بە قەزای مەخمور لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە لە بەر بارودۆخی ژیان و دەست کورتی خانەوادەکەی خوێندنی جێ هێشتووە لە ریزەکانی هێزەکانی ناوخۆ وەك پۆلیس دادەمەزرێت، بەهۆی زیرەکی و خەتخۆشی دەبێتە نوسەری لێکۆڵینەوە(کاتب تحقیق)، لە ساڵی ١٩٥٢ بەشداری لە خولێکی موفەوزی لە شاری بەغدا دەکات و  بە پلەی نایاب دەردەچێت و دەبێتە موفەوەزی پۆلیس، لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ بنکەی پۆلیسی خانەقا دەگوازرێتەوە و لە ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات.(پەرێشان،٢٠٠٢،ل١٥٦). لە ساڵی ١٩٦٢ ناوی لە کولێژی پولیسی دەردەچێت، بەڵام بە هۆی رودانی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، پەیوەندی بە شۆرشی کوردستان دەکات و بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگایەتی دەکات ولە ساڵی ١٩٦٦ پلەی ئامر هێزی کاوەی پێ دەسپێردرێت بەلام هەر لە هەمان ساڵدا لەو کاتەی بە فەرمانی مستەفا بارزانی دەچێتە ناوچەی پشدەر بۆ دامرکاندنەوەی چەند کێشەیەك لەناوچەکە، دەکەوێتە بۆ سەیەك و دەکوژرێت.(قادر، ٢٠١٤، ل٩٦ -٩٧).

**- بنەماڵەی سەید ئەحمەد ئەلنەقیب.**

خانەوادەی سەید ئەحمەد ئەلنەقیب بە کۆنترین و گەورەترین خانەوادەی هەولێر دادەنرێن، بنەچەیان دەگەرێتەوە سەر سەید ئەحمەدی رەفاعی گەورە، بنەماڵە و رێبازی ئاینیان دەگەرێتەوە بۆ سەر ئیمام حوسێن کوری ئیمام عەلی کوری ئەبي تالیب(ر.خ). باپیرە گەورەی ئەم خانەوادەیە سەید ئەحمەد و برا گەورەکەی ئیمام محەمەد لە سەردەمی فەرمانرەوایی ئەتابەکیەکان لە حیجازەوە هاتونەتە کوردستان و لە هەولێر گیرسانەتەوە، نەوەکانیان وازیان لە شێخایەتی هێناوە پلەو پایەی کارگێری و سەربازی و کۆمەڵایەتییان هەڵبژاردوە، ئەو بنەمالەیە لە لایەن سولتانەکانی عوسمانی بەرزترین نیشانەی دەولەتیان پێدراوە، هەر لەم بنەماڵەیە پۆستی حاکمی کارگێری هەولێر و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و ڕاوێژکاری سوڵتانیان وەرگرتووە.(ڕۆستەم،٢٠٠٦، ل١١٧).

خانەوادەی ئەحمەد ئەلنەقیب بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٢٣٤ك نەقابەی ئەشرافیان لە هەولێر دامەزراندوە، کە تا کۆتایي سەردەمی عوسمانیەکان لە ساڵی ١٩١٨ لە هەولێر کار و چالاکیەکانی ئەو نەقابەیە هەر بەردەوام بووە، لەم ماوە مێژوویەشدا هەشت لە ئەندامانی بنەماڵەی ( سید ئەحمدی رەفاعی) پۆستی سەرۆکایەتی ئەم نەقابەیان پێسپێردراوە کە ئەمانەن؛

سەید ئەحمەد ئاغا رەفاعی(1769 - 1782)، محەمەد ئەحمەد ئاغا نەقیب(1782 - 1805)، عەلی محەمەد ئەحمەد ئاغا نەقیب (1805 - 1826)، ئەحمەد ئاغای رەفاعی دووەم(1826 - 1851)، مەجید ئەحمەد ئاغای دووەم(1851 - 1876)، عەباس محەمەد ئاغای نەقیب(1876 - 1887)، مەحمود محەمەد ئاغای نەقیب(1887 - 1903)، عەبدوڵلا پاشای عەباس ئاغای نەقیب(1903 - 1918).(قادر،٢٠٠٨،ل٦٢).

**- شێخ محمد محمد (شێخەشەڵ).**

محمد کوری محمد کوری عەلی کوری عەبدولرەزاق لە ساڵی ١٩٢٣ لە گەڕەکی تۆپخانەی قەڵات لە شاری هەولێر لە دایک بووە(جامباز،٢٠٠٦،ل١٦)، لە چالاکیە سیاسییەکانی سالانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم رۆڵی کارای بینیوە لە چالاکییە حزبی و جەماوەرییەکان(رسول،٢٠٠٥،ص٢٩٣). لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێر بەشداری کردووە، بۆ نمونە بەشدارییەکی کارای لە دژی حکومەتی ساڵح جەبرو پەیماننامەی پۆرتسمۆس لە ساڵی ١٩٤٨ بینیوە، شێخە شەل یەك لەو کەسایەتیانە بووە کە لە کاتی بەرێوەچوونی خۆپیشاندانەکان بە وتارەکانی جۆشی جەماوەری بەشدار بووی دەدا.(قادر،٢٠٠٥، ل٢٧٤).

شێخە شەل بە هۆی هەلوێستە نیشتمانیەکانیەوە چەند جارێك دەستگیرکراوە لە بەندیخانەکانی (رەمادی و بەعقوبە) سزای بەندکردنی بەسەر سەپێندراوە. بەلام لە کاتی بەندکردنیشدا توانیویەتی نهێنیەکان بپارێزێت و نەتواندراوە سودی لێوەربگرن بۆ دەستگیرکردنی ئەندامان و بەشداربوونی چالاکیەکان، بۆیە هەر جۆرە ئازارێکیان دابێت ئەو رستەی زۆر وتوتەوە: **"هەر خۆم تاوانبارم هیچ کەسێکم لەگەڵدا نەبوو"**( جامباز،٢٠٠٦،ل١٦).

جگە لە لایەنی سیاسیی یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی کە لە سالانی چل و پەنجاکانی سەدەی بیستەم گرنگی بە لایەنی رۆشەنبیری داوە کتێبخانەیەکی بچوکی لە سەر چەند پەیژەیەکی دوکانەکانی ئەحمەد فەندی بەرامبەر مزگەوتی حاجی قادری دەباغ بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوەکانی حزبی شیوعی داناوە.(بێخالی،٢٠٠٦،ل٢٤). یەکێك بووە لەو کەسانەی ئاگاداری رووداوە سیاسییەکانی شارەکە بووە بۆ نمونە لە بارەی دروستکردنی کۆتری ئاشتی لە هەولێر دەلێت:**" کۆتری ئاشتی دوای شۆرشی ١٤ی گەلاوێژ لە لایەن ئاشتیخوازان و دیموکراتخوازان دروستکراوە و هونەرمەند جابر پیرداود بەجۆرێک کۆترەکەی دروستکردبوو کە چەند مەترێک لە زەوییەوە بەرز بوو، موتەسەریفی هەولێر (بەدرەدین عەلی) فەرمانی ڕوخانی کۆتری ئاشتی دا، و لە سەردەمی سەرۆک شارەوانی عەبدولوەهاب سەید حەسەن(١٩٢٣-٢٠٠٢) کۆترەکە لەگەڵ عاردی یەککرا"**.(بەرزنجی،٢٠٠٦،ل٢٤). لە ساڵی ٢٠٠٢ لە شاری هەولێر مردووە.( جامباز،٢٠٠٦،ل١٦).

**٢ - روداوە سیاسیەکان.**

**- بزوتنەوەی ڕەشید عالی گیلانی ١٩٤١.**

یەکێك لە گرنکترین ئەو رووداوانەی کە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا کە لە عێراق روویدا هەلگیرسانی بزوتنەوەی مایسی 1941 بوو کە لە لایەن چەند ئەفسەرێکی ناسیونالیستی عەرەبیەوە بە پاڵپشتی ولاتانی میحوەر روویدا(الجبوری،٢٠٠٠،ص٣٧)، رشید عالی گەیلانی سەرکردایەتی دەکرد و لە ئەنجامدا حکومەتی تەها ئەلهاشمی(١٨٨٥ - ١٩٦١) دەستی لەکار کێشایەوە وحکومەتی بەرگری نیشتمانی بە سەرۆکایەتی رشید عالی گەیلانی دامەزرا(الحسني،١٩٨٨،ص٢٢٢) و وەسی عێراق عەبدولئیلا کوری عەلی شاری بەغدادی جێهێشت بەرەو حەبانیە و لەوێشەوە بە رێگای ئاسمانیەوە گەیشتە شاری بەسرا ، شەریف شەرەف (١٨٨١ - ١٩٥٥) لە شوێنی داندرا(التكریتي،١٩٨٩،ص٤٩).

ئەو رووداوە لە هەولێر کاردانەوەیەکی گەورەی بەخۆوە بینی و زۆر لە رۆشنبیر و نیشتمانپەروەرانی شارەکە بە تایبەتی ئەوانەی دژایەتی بەریتانیەکانیان کرد بوو هاوسۆزی بزوتنەوەکە بوون چونکە پێیان وابوو کە **"ئینگلیز لە دوای هەموو بەسەرهات و ناخۆشەکانی کوردە، هەرچی بکرێت بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ئینگلیز لە بەرژەوەندی کوردە"**، هەر لەم ماوەیەشدا بیرۆکەی نازیزم لە شارەکە سەری هەڵدا بوو و بەشێك لە دانیشتوانی هەولێر هاوسۆزیان لە گەڵ ئەو بیرۆکەیە هەبوو لە روانگەی ئەم تیۆرەی کە "دوژمنی دوژمنم دۆستمە"، ئەگینا دەیانزانی کە بیری نازی ناپەسەند و چەوسێنەرە.(شکر،٢٠٠٥،ص ١٧٣-١٧٤)

شێخ حەسەن ئەفەندی بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەولێری سەرەتایی دووەم لە رۆژی ١٤ی ئایار رۆڵێکی دیار وگرنگی لە هاندانی خەڵکی شارەکە بە تایبەتی لە ڕێزەکانی قوتابیان ومامۆستایان بینی بۆ بۆ پشتگیریکردنی بزوتنەوەکەی ڕەشید عالی گەیلانی وتاری توند و تیژی دەخوێندەوە، سرودی وەبەریەککەوتنی بۆ هەڵچوونی جەماوەر دەخوێندەوە.(بێخالی،١٩٩٩،ل٧١). لەوانەی بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیان کرد جگە لە قوتابیان ومامۆستایان هەر یەك لە؛فتاح جبار، روستم جبار،جلیل هۆشیار،
عونی یوسف،جهاد بکر،علی احمد اغا،عمر عوسمان،نازم سعید اغا، عیزەدین فەیزی(شکر،٢٠٠٥ص١٧٨).

هەر لە درێژەی خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێر لەرۆژی ١٦ی مایسی ١٩٤١ هێرشیان بردە سەر سەرای حکومەت لە شارەکە و ئۆتومبێلی موتەسەریف (ساڵح زەکی ساحیبقران) لە بەر دەرگای سەرا دەسوتێنن و شێخ حەسەن فەندی بە تفەنگێکەوە خۆپێشاندەرانی هاندەدا بۆ کوشتنی موتەسەریف، دوای ئەوەی شێخ حەسەن لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی هەولێر دەستگیر دەکرێت و خۆپیشاندەران دەکەونە هەوڵی رزگارکردنی، و پەلاماری موتەسەرفیە دەدەن بەلام شێخ محیدین شێخ ساڵح بە نەهێنی موتەسەریف(ساڵح زەکی ساحبقران) بۆ تەکیەی خۆیان دەگوازێتەوە و لە کوشتن رزگاری دەکات. (بێخالی،١٩٩٩،ل٧١).

باڵوێزخانەی بەریتانیا چەند بڵاوکراوەیەکیان لە بەغدا لە دژی حکومەتی ڕەشید عالی گیلانی بڵاو کردەوە کە بە هاوسۆزی بیروباوەری نازیزم ناوزەندیان دەکرد(حداد،ب.ت،ص١١٠). بەلام دانیشتوانی هەولێر جگە لە خۆپیشاندانەکانی ناو شارەکە، بروسکەی پشتگیریان بە ناوی خەڵکی هەولێر و ژمارەیەك لە کەسایەتیە دیارەکانی باشوری کوردستان ئاراستەی سەرۆك وەزیران ڕەشید عالی گیلانی کرد.(شکر،٢٠٠٥،ص١٧٣-١٧٥). هەر بۆ هەمان مەبەست لە ناوەراستی نیسانی ١٩٤١ شاندێکی هاوبەش لە نێوان کەسایەتیەکانی هەردوو شاری هەولێر و کەرکوك بۆ پشتگیری لە بزوتنەوەکە سەردانی شاری بەغدادیان کردو لە لایەن سەرۆك وەزیران پێشوازیان لێکرا.(مەزهەر،٢٠٠١،ل١٣٣).

دوای لەناوبردنی بزوتنەوەکە و لایەنگران و خۆپیشاندەرانی هەولێر رووبەرووی گرتن دەبنەوە و لە شاری هەولێر (٤٢) کەس دەستگیر دەکرێن لە دیارترینیان ؛ عونی یوسف، شێخ حسن ئەفەندی، فائق نادر، جلیل هۆشیار، عیزەدین فەیزی، علی حیدر ، شێخ حوسێن نعمە الله.(شکر، ٢٠٠٥، ص١٨٢) .

ساڵح زەکی ساحێبقران لە پلەی موتەسریف لادرا و وەکو موفەتیشی ئیداری بۆ کەرکوك گواسترایەوە. قائیمقامی رەواندز "فائیق توفیق" بە موتەسەریفي هەولێر بە وەکالەت دامەزرا، جێگای ئاماژەیە لە کاتی خۆپیشاندانەکان لە هەولێر بە هۆی هەوڵەکانی موتەسەریف و فەرماندەی سەربازگەی شارەکە موقەدەم ئەمین رەواندزی توندرا تا رادەیەك رێگابگرن لە روودانی کارەساتی گەورە و دواتر رەوشەکە ئارام دەبێتەوە.(بێخالی،١٩٩٩،ل٧١).

**- ڕاپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر.**

دوای جێگیر بوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا و بەهێز بوونی بنەماکانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم تەوژمێکی گەورەی چەوسانەوەو زوڵم و زۆرداری تەواوی

ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە کە لە گەڵ سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو کاریگەری ئەم سیستەمە لە گوندەکانی کوردستانەوە گەیشتە شارەکان.(شامیلوف،١٩٨٧،ص١١).

کێشەی زەوی، لە ئەنجامی هەوڵەکانی داڕشتنەوەی کۆمەڵگایەکی نوێ لە دوای تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918) لە عێراقدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بوو بە کێشەیەکی سەرەکی لە زۆربەی ناوچەکانی عێراقدا.(یەحیا، ١٩٥٣، ل١٣؛ غفوري،١٩٨٤،ص٢٤٦) دوا بە دوای لکاندنی باشوری کوردستانیش بە شانشینی عێراق، ئەم کێشەیە بوو بە کێشەیەکی سەرەکی نێوان جوتیار و دەرەبەگ، دەرکردنی چەند یاسایەکی تایبەت بە رێکخستنی زەوی ئەو کێشەیەی قولتر کردەوە چونکە بە هۆیەوە جوتیارەکان لە خاوەندارێتی زەوی بوون بە کرێکاری کشتوکاڵی.(الکاظمي، ١٩٨٦، ص١٨٩).

لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەش چەند راپەڕینێکی جوتیاری لە ساڵانی (بیستەکان ـ سییەکان ـ چلەکان) لە باشوری کوردستان و ناوچەکانی تری عێراقدا روویاندا، کە بوونە هۆی رووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ دەسەڵاتداران‌و زۆرجار توانا سەربازییەکان بەکاردەهێنرا بۆ سەرکوتکردنیان(هەوراز،١٩٩٧،ل٨).

جوتیارانی کوردستان بەگشتی و جوتیارانی( دەشتی هەولێر) بە تایبەتی لەژێر چەوساندنەوەی زۆرداریی دەرەبەگەکانی (دزەیی) دووچاری ناڵەبارترین ژیانی چەوسانەوەیی هاتبوون. کە لە هەندێ کاتدا لە رووی سروشتی کشتوکاڵ کردنەوە دەرەبەگەکان لەسایەی (سیستەمی بەش وەرگرتن)، بەهۆی باج و سەرانەوە کە بەسەر جوتیاران سەپاندرا بوو دەگەیشتە(50%)ی بەرهەمی جوتیارەکان ئەمە سەرەرای کاری سوخرەش کە بە خۆڕایی بە جوتیاران دەکرد.(قادر،٢٠٠٥،ل٢٤٢).

دەستپێکردنی راپەڕینەکە لە ئەنجامی (کێشەی گوندی قازیخانە) هوە دەستی پێکرد، دوای ئەوەی جوتیارانی گوندەکە لە بەهاری 1953 دووچاری چەسپاندنی باجێکی نوێ دەبنەوە لە لایەن (حوسێن مەلا)ی ئاغای گوندەکە کە بە (باجی ئەستەمبولانە) ناسرا، جوتیاران بەتێکڕایی داواکەی جێبەجێ ناکەن، لە سەر رێنمایی ئەو لیژنە چوار کەسییەی کە لە ساڵی 1948 لە (حەمەدئەمین قادر حەسەن، نوری وەسمان قەرەنی، حەسەن تەها فەتاح، عەبدوڵڵا حەمەدئەمین) پێکهێنرا بوو، سەرجەم جوتیارەکان سوێند دەخۆن کە (شەرمان شەڕ بێت خێرمان خێر بێت)، شەپۆلێکی نارەزایی تێکڕای جوتیارەکانی گرتەوە.(هەمان سەرچاوە، ل٢٤٥ ـ ٢٤٦)

بەمجۆرە دوای دەستپێکردنی راپەرینەکە هەواڵی نەمانی بێگاری و سوخرە بە گوندەکانی دەوروبەردا بڵاودەبێتەوە، جوتیاران لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوەو ریش سپی لە نێوان خۆیان دەست نیشان دەکەن‌و سوێند دەخۆن، راپەڕینەکە زۆر بەخێرایی تەشەنە دەکات و زیاتر لە (٢٠٠) گوند لە ناوچەی مەخمور تا کۆیە دەگرتەوە، پیاوانی ئاینیش زۆرێکیان چوونە پاڵ جوتیاران و پیشتگیری خۆیان بۆ جوتیاران دەربری (امین،٢٠١٤،ل١٠٩). لە گوندە راپەڕیوەکان (بیرەعارەبان،هەرمجە،باشتەپە،دووکەرە،پارانیان، مورتکە، یەدی قزلەر، سوربەش، قورشاغلو، گەرەشێخان، سێقوچان، گردە رەشە، عەلیاوە، ئۆمەرە سوور، گردلانکە، قوچە بلباس، شێراوە، گردلانکەی مەجید، ئاودەلۆك، دووسەرەی فەتاح، قولتەپە، کەسنەزان‌و باقرت،...چەندانی تر)(کوردستان،٢٠٠٢،ل١٠).

پارتە نهێنییەکان بە پێی هێلی سیاسی‌و بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان خزینە ناو بازنەی تێکۆشانی جوتیاران‌و، بوون بە هۆکارێك بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری و باوەڕ بەخۆبوونی جوتیاران، حزبی شیوعی عێراق لەم رووەوە رۆڵێکی سەرەکی گێراوە لە رێگای رێکخستنی جوتیاران لە ناو شانە حزبییەکان‌و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکانی تایبەت بە خەباتی جوتیاران وەکو (بانگی فەلاح، دەنگی داس) کە ببوونە سەرچاوەیەکی سەرەکی هاندانی خەباتی شۆڕشگێری و دژایەتی کردنی دەرەبەگەکان (قادر،٢٠٠٥،ل٢٤٣؛ هورموزبار،٢٠٠١،ل١٠٥). پارتی دیموکراتی کوردستانیش جموجۆڵی سیاسی خۆی لە ناو

جوتیاران‌و هەندێ لە دەرەبەگە نیشتمانپەروەرەکان دەستپێکرد بوو، رۆژنامەی (نرکەی جوتیار)ی لە شارەزوور دەردەکرد، کە باسیان لە کێشەی جوتیاران دەکرد و بەناویاندا بڵاودەبوونەوە(سمایل، ١٩٩٠،ل٧٦).

هەرچەندە جوتیارە راپەڕیوەکان توانیان بۆ ماوەی چەند مانگێك بەردەوامی بە راپەڕینەکە بدەن. بەلام راپەڕینەکە هەموو ئامانجەکانی نەهێنادی، لە ئەنجامی هۆکارە بابەتی‌و خۆییەکان لەوانەش هەڵگەڕانەوەی هەندێ لە جوتیارەکان‌و کاریگەری هەندێ لە پیاوانی ئاینی بەسەر راپەڕینەکەو هەروەها جوتیارەکانیش کە خودی سەرکردایەتی کردنی راپەڕینەکە بوون، نەیانتوانی بەشێوەیەکی چەسپاو کۆمیتەیەکی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا پێك بهێنن بۆئەوەی ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی بەڕێوەبردن‌و گەشەپێدانی راپەڕینەکە، تا ببێتە راپەڕێنێکی سەرتاسەری‌و لە سنووری خۆیدا قەتیس نەمێنێت. بەڵام کاریگەری راپەڕینەکە بە زیندوویی مایەوەو دوای ماوەیەکی کەم لە راپەڕینەکەی جوتیارانی دەشتی دزەیی، جوتیارانی هورین‌و شێخان‌و دارماوە لە ساڵی 1954 دژی زوڵم‌و زۆرداری دەرەبەگەکان وەستان، بەڵام حکومەت لە رێگای هێزەوە لەناوی بردن(شکر،٢٠٠٥،ص٢٧١).

**٣ - بیرەوەرییەکان.**

یەکێك لەو لایەنانەی کە لەم گۆڤارە گرنگی پێدراوە بریتی یە لە بیرەوەرییەکان کە بەشێکی زۆریان هی ئەو کەسایەتیانەن کە بە ڕەگەز خەڵکی هەولێرن، کە لە روداوە سیاسییەکانی سەردەمی پاشایەتی و چالاکییە کۆمەلایەتی و ئایینەکان ڕۆڵیان بینیوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت:

**- نەژاد عەبدوڵلا.**

نەژاد عەبدوڵلا لە کەسایەتیە دیارەکانی شاری هەولێرە و لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایك بووە، ئەو ڕووداوە سیاسیانەی کە ناوبراو بینیویەتی بریتین لە بزوتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی لە ساڵی ١٩٤١ ، هەروەها هەر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لە خۆپیشاندانەکانی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ دەکات کە لە باکوور تا باشور دژی پەیماننامەی پۆرتسموس بەڕێوە دەچوو، هەروەها باس بە چۆنیەتی بوونە ئەندامێتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٩ دەکات، و چەند کاروچالاکی لە ڕێزەکانی قوتابیان ئەنجام داوە و نوێنەری ڕۆژنامەی خەبات بووە، نەژاد عەبدوڵلا لە درێژی باسەکەی خۆیدا ناوی ئەو ناودارانە دەهێنێت کە لە ژیانیدا چاوی پێکەوتوون بۆ نموونە، مستەفا بارزانی، سەید ئەحمەدی خانەقا و شێخ حوسێنی کوری سەعید قەزاز، دواتر ناوی ژمارەیەك ناوداری عەرەب دەهێنێت لەوانە، مەلیك فەیسەڵی دووەم کە لە ساڵی ١٩٥٤ لە گەڵ مامی عەبدولرەحمان عەزیز لە عەمادیە چاویان بە مەلیك فەیسەڵ دەکەوێت، کەسایەتیەکی تر کە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ناوی هێناوە، سەدیق ئەتروشی یە، کە یەکێك بووە لەو کەسانەی کە لە ساڵی ١٩٥٧ یارمەتی ناوبراو دەدات بۆ چوون دەرەوەی ولات بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن، هەر لە ماوەی خوێندنەکەشی چاوی بەچەند کەسایەتی ناوداری تر کەوتووە وەکو، جەواهیر لال نەهرۆ (سەرۆك وەزیرانی هیند)، مستەر پاراسات (سەرۆك کۆماری هیند)، مارشیال ئەیوب خان (سەرۆك کۆماری پاکستان). ناوبراو لە درێژەی بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی لە یادەکانی نەورۆز کردووە کە لە شاری هەولێر بەڕێوە چووە وبەشداری تێدا کرووە.(ئیسماعیل،٢٠٠١،ل١٣٣- ١٣٥). جێگای ئاماژەیە گۆڤاری هەولێر هەموو یاداشتەکانی بلاونەکردۆتەوە بۆیە زانیاری یەکان سنوردارن .

**- هەژار موکریانی.**

هەژار موکریانی شاعیر کە لە بوارەکانی نووسین و زمانزانی و وەرگێران و فەرهەنگ نووسیەوە رۆڵی دیاری بینیوە، یەکێکە لەو نووسەرە ناسراوانەی کە نەك تەنها هەر لە نێو کورد بەڵکو لە نێو نەتەوەکانی (فارس و عەرەب و تورک و ڕوس و ئینگلیزو فەرەنسی) یەکان ناوبانگ و نازناوی بەرز ڕاگیراوە، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە بەشێکی لە گۆڤاری هەولێر بلاوکراوەتەوە، باس لە دەربارەی رۆڵی قارەمانێتی یەکێك لە کەسایەتیەکانی شاری

هەولێر دەكات كە (برایم فەندی)یە ، کو وەك پولیسی پلەدار دەچێتە نێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەژار لە بیرەوەرییەکانی خۆی باس لە گیانی شۆڕشگێرانەی خەڵکی هەولێر دەکات کە لە گشت ڕووداوە سیاسییەکان و خۆپێشاندانەکان ڕۆڵیان گێراوە.(مولود،٢٠٠١،ل٤٥).

**- بەکر دلێر .**

یەکێکە لە رۆشەنبیرەکانی شاری کۆیە کە لە گۆڤاری هەولێر زانیاری دروستی نەخستۆتە بەردەست دەربارەی ژیاننامەکەی وساڵی لە دایك بوون ومردن ، بەلام دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری بووە و کاری ئەندازیاری کردووە و لە یاداشتەکەدا باس لەوە دەکات کە لە شاری کۆیە خاوەنی گەورەترین کتێبخانە بووە و بە سەدان بەڵگەو وێنەی ئەرشیفی نایابی تێدا بووە، بەڵام زۆر لەو کتێب و بەڵگانە بە هۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستان لەناو چوونە، لە یەکێك لە بەڵگەنامەکان دا باس لە هاتنی ساڵح جەبر بۆ شاری هەولێر دەکات و لە گەڵ سەرۆك هۆزو خێڵەکان دەبێتەوە بۆ پالپشتی کردنیان لە دامەزراندنی (پارتی ئومەی ئیشتراکی)، و بەکر دلێر باس لە هەڵوێستی کونسولی ئەمەریکا دەکات کە رێگای نەداوە بە ساڵح جەبربۆ ئەنجامدانی کارەکەی.( مام یحیا،٢٠٠١،ل١٩٤).

**ئەنجام**

١ ـ گۆڤاری هەولێر یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە خزمەتێکی زۆری لایەنی سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، هونەری، وەرزشی، کەلتوری هەولێری کردووە، ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی شاری هەولێر بەشێکی سەرەکی بابەتەکانی ئەم گۆڤارە پێکدەهێنێن.

٢ ـ کەسایەتە ناودارەکانی هەولێر لە رێگای ئەو گۆڤارەوە کار وچالاکیەکانیان دەردەکەوێیت بە تایبەتی ئەوانەی نەیانتوانیوە یاداشتەکانیان بنوسنەوە.

٣ ـ گۆڤاری هەولێر مێژووی پەیوەندی نێوان دەسەلاتدارە بالاکانی عێراق و کەسایەتە دیارەکانی کورد و ناودارانی هەولێر دەخاتەروو کە بەشێکە لە مێژووی ئەو شارە.

٤ ـ دیارخستنی هەندێ لە بنەماڵە سیاسیەکانی هەولێر کە پۆستی باڵایان لە بەرێوەبردنی دامودەزگاکانی هەولێر و عێراق هەبووە وڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە جموجۆلەکانی نەتەوەیی لە شارەکە.
٥ ـ لەو ماوە سیاسیەی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق ژمارەیەك یانە و پارت و ڕێکخراوی سیاسی دامەزراون کە توانیان بە ماندووبونێکی زۆر مۆڵەت وەربگرن.
٦ ـ ئەو ڕاپەرین و شۆڕشانەی لەو ماوە مێژووییە سەریان هەڵداوە بەڵگەیە بۆ هۆشیاری نیشتیمانی و سیاسی کە لەوگۆڤارە رۆڵی هەولێر دیارخراوە. وەك راپەرینی مایس و ڕاپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر.
٧ ـ جگە لە روداوە سیاسییەکان لایەنی هونەر و فۆلکلۆر لایەنێکی گرنگ بووە لە بابەتەکانی ئەو گۆڤارە کە ئەوەش بەشێکە لە مێژووی هونەری ئەو شارە .

**چوارەم : لیستی سەرچاوەکان.**

**یەکەم: کتێبەکان.**

- بەزمانی کوردی .
- ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆڵی سیاسی و کارگێری و ڕوناکبیری مەعروف جیاوك، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.
- ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر،ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی لە رۆژگاری پاشایەتیدا ١٩٢٥ ـ١٩٥٨ ، کۆمەلگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧ .
- ئیسماعیل شکور رسول، معروف جیاوك ١٨٨٥ ١٩٥٨، هەولێر، ٢٠٠٧.
- بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢ـ ٢٠٠١ / رۆڵی سیاسیي وروناکبیریی، چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،٢٠١٢.
- ب.هەوراز، راپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر، کوردستانی عێراق،1997.
- پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵوێستی حزبە سیاسیەکانی عێراق لەمەر کێشەی کورد ١٩٤٦ ـ ١٩٧٠، چ(١)، بڵاو کراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، ١٩٩٧.
- حەمە ساڵح فەرهادی، کسپەی دەروون، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.
- رەشاد مەلا یەحیا، ژان و ژیانی جوتیارانی دەشتی هەولێر ڕاپەرینی١٩٥٣،چ(١)،چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

- سالار سیامەند عبدالله، ڕاپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر١٩٥٣،کەرکوك،٢٠٠٦.
- سەید مولود بێخاڵی،هەولێرم وادیوەو بیستووە،هەولێر،٢٠٠٥.
- شوان محمدامین تەها، هەولێر لە نێوان ساڵانی١٩٥٨-١٩٦٧،چ(١)، هەولێر،٢٠١٤.
- عباس سلێمان سمایل، مێژووی دەشتی هەولێر، هەولێر،٢٠٠٤.
- فاخر عالی خان ئاودەلی، ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە ژیانی سیاسی هەولێر ١٩٤٥-١٩٧٠،چ(١)،چاپخانەی هێڤی،٢٠١٤.
- کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد،بەرگ(٢)،ئا: عبدالله زەنگەنە،چ(١)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١.
- محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران،چ(١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٤.
- م.ر. هاوار، شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان،بەرگ(١)،لەندەن،١٩٩٠.
- مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سلێمانی،٢٠٠٥.
- ــــــــ، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ ـ ١٩٣٠، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ، ٢٠٠٨.
- ــــــــ، هەولێر لە ساڵانی ١٩٢٦ ـ ١٩٣٩، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٣.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراق، سەردەمی قەلەم و موراجاعات ١٩٢٨ -١٩٣١، سلێمانی، ١٩٩٩.
- بە زمانی عەرەبی.
- اسماعيل شكر رسول، أربيل - دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩-١٩٥٨،ط(٢)، السليمانيه،٢٠٠٥.
- أ.شاميلوف،حول مسألة الاقطاع بين الكرد، ت: كمال مظهراحمد، بغداد، 1987.
- احمد باش أعيان، انقلاب ١٤ تموز١٩٥٨في العراق خلفياته و ذيوله مع موجز من العهد القاسمي١٩٥٨ - ١٩٦٣، دارالحكمه، لندن،٢٠١٣.
- برند فليث شرويدر، حرب العراق١٩٤١ ت: فاروق الحريرى، ،بغداد،١٩٨٢.
- حامد محمود عيسى، المشكلة الكرد في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١،ط1،مكتبة مدبولى، القاهره،١٩٩٢.
- زبير بلال اسماعيل ، تاريخ اربيل، مطبعة الثقافه، هولير،١٩٨٦.
- سليمان التكريتي،الوصي عبدالاله بن علي ١٩٣٩ ـ ١٩٥٣،تحقيق: عبدالرزاق الحسني، ط(١)،لبنان، ١٩٨٩.
- شاخوان عبدالله صاب، رفيق حلمي - دراسة تاريخية في نشاطه السياسي والثقافي،من منشورات بنكەی زین، السليمانية،٢٠٠٧.
عادل غفورى خليل ،أحزاب المعارضة العلنية في العراق 1946-1954،ط(١)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،1984.
- عبدالرزاق الحسنى، تاريخ الوزارات العراقيه، ط(٧)، منشورات دار الشؤون الثقافية العامة ،بغداد،١٩٨٨، ج(٥).
- عثمان كمال حداد، حركة رشيد عالي الطيلانى١٩٤١، المكتبة العصرية - صيدا،ب.ت.
-عثمان علي، الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦، ط(٢)،من منشورات المهد العالمي للفكر الاسلامي، الاردن،٢٠٠٨.
- عمر محمد محمد، القضيه الكوردية في سياسة الحكومات العراقية ١٩٣٢-١٩٤٥،السليمانية،٢٠٠٩.
- كمال مظهراحمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر - دراسة تحليلية، بغداد،١٩٨٧.
- محمد على الصويركي، معجم اعلام الكرد، بنكەی زين،السليمانية،٢٠٠٦.
- ميفان عارف عبدالرحمن بادي،الحركة القومية الكوردية التحريرية في كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣، مطبعة وزاره التربيه، أربيل،٢٠٠٥.
- نجاة ياسين نجار، نواب اربيل و دورهم في العهد الملكي،ط(١)،مطبعه ماردين،أربيل،٢٠١٣.
- نصير سعيد الكاظمي، الحزب الشيوعي والمسألة الزراعية في العراق ،مركزدراسات وابحاث و الاشتراكية في العالم العربى، دمشق،1986.
دووەم : یاداشتەکان .

ـ به زمانی کوردی .
ـ مستەفا نەریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم،دار الحریە،بەغداد،١٩٩٤.
ـ مسعود محمد، گەشتی ژیانم،ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.
ـ مەلا عەولای حاجی سمایل، سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەغدا،1990، بەرگ(١).
ـ به زمانی عەرەبی.
- علي جودت الأيوبي،ذكريات، بيروت، مطابع الوفاء،١٩٦٧.
-عبدالله فرهادي،الأكليل في محاسن أربيل، ط (١)،هولير،٢٠٠١.
سێیەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان.
ـ به زمانی کوردی.
- لە یادی ڕاپەرینەکەی دەشتی دزەیی دا، گۆڤاری "بیری نوێ"،ژ(٤٦)، ١٩٧٣/٥/٨.
- تارق جامباز، حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، گۆڤاری "یاسا پارێزی"،ژ(١٤)،هەولێر،٢٠٠٥.
- ئازاد عوبێد، سەربردەی ژیان و کەسایەتی مەعروف جیاوك، رۆژنامەی بەدرخان، ژ(١١١)،شوبات٢٠٠٩.
- ڕاپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر، ڕۆژنامەی "ڕێگای کوردستان"،ژ(٤٦)،هەولێر،١٩٩٢.
- تارق جامباز، مەعروف جیاوك کوردێکی مافپارێز و برادەرێکی نزیکی نوری سەعید و ڕەشید عالی گەیلانی بوو، گۆڤاری "هەولێر"، ژ١٠، بەهاری٢٠٠١.
- تارق جامباز، پاش ١٣ساڵ مەعروف جیاوك، گۆڤاری"هەولێر"، ژ١١، هاوینی٢٠٠١.
- ــــــــــ، شێخەشەل ئەو کەسایەتییە هەولێرییەی بوێر ژیاوەو بەکەسەرەوە مرد، گۆڤاری"هەولێر"، ژ١٧، هاوینی٢٠٠٦.
- جەلال خدر، لە یادی خوالێخوشبوو ماموستا جەودەت ئەحمەدناجی،گۆڤاری"هەولێر"،ژ١٤،بەهاری٢٠٠٢.
- جەمال ئیسماعیل، ماموستا نەژاد عەبدوڵڵا مشتێك لە سەربردەکانی دەگێرێتەوە،گۆڤاری"هەولێر" ، ژ١٣، کۆتایی٢٠٠١.
- سەید بەرزۆ، خانەوادەی هەولێر، گۆڤاری"هەولێر"، ژ١٧، هاوینی٢٠٠٦.
- عبدالله حداد، مەلا عەلی فەندی هەولێر و کۆمەڵەی تەعالی، گۆڤاری"هەولێر"، ژ٦، بەهاری٢٠٠٧.
- عەباس هورموزیار،ڕاپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر،گۆڤاری"هەولێر"،ژ١٢،پاییزی٢٠٠١.
- عوسمان مام یەحیا، لە ئەرشیفی جوانە مەرگ بەکر دلێر،گۆڤاری"هەولێر"،ژ٩،زستانی٢٠٠١.
- عبدالرحمان مەلاسەعید، بنەماڵەی موفتی و مەلافەندی،گۆڤاری"هەولێر"،ژ١٤،بەهاری٢٠٠٢.
- فەرهاد عەونی، چەند لایەنێکی کوردایەتی لە ژیانی عیزەدین،گۆڤاری"هەولێر"،ژ١٠،بەهاری٢٠٠١.
- فوئاد سدیق، یانەی سەرکەوتن و باربووکردنی لە لایەن بنەماڵە هەولێرییەکان،گۆڤاری"هەولێر"،ژ١، زستانی١٩٩٨.
- فەیسەل دەباغ، چلەی ماتەمینی مەلافەندی لە ڕۆژنامەی(فتی العراق)ی موسلیدا، گۆڤاری "هەولێر"، ژ٦،بەهاری٢٠٠٧.
- کەریم شارەزا، لە ناودارانی پارێزگای هەولێرجەمیلاغای حەوێزی، گۆڤاری"هەولێر"،ژ٥،زستانی٢٠٠٠.
- ــــــــــ، مەعروف جیاوك، گۆڤاری"هەولێر"، ژ٢،بەهاری١٩٩٩.
- ــــــــــ، زانای گەورەو ناوداری کورد مەلافەندی،ژ٣،هاوینی١٩٩٩.

- ـــــــــــ، بزوتنەوی ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغداو هەرایەکەی شێخ حەسەن ئەفەندی لە شاری هەولێردا،ژ٢،بەهاری١٩٩٩.
- ـــــــــــ، بنەماڵە ناسراوەکانی قەڵاتی هەولێر، گۆڤاری"هەولێر"،ژ٣،هاوینی١٩٩٩.
- ـــــــــــ، چەند بیرەوەرییەکانی ڕۆژگارم لەگەڵ شێخەشەل، گۆڤاری"هەولێر"،ژ١٧،هاوینی٢٠٠٦.
- محەمەد خدر مولود، ئەگەر ڕێکبکەوێت حەزدەکەم لە هەولێر، گۆڤاری"هەولێر"،ژ١٣،کۆتایی٢٠٠١.
- مسعود پەرێشان، برایمە فەندی، گۆڤاری"هەولێر"،ژ١٥،هاوینی٢٠٠٢.
- نەژاد بەرزنجیل، سەرە قەڵەمێك بۆ خولێخۆشبوو شێخەشەل، گۆڤاری"هەولێر"،ژ١٧هاوینی٢٠٠٦.
- بە زمانی عەرەبی .
- عبدالفتاح يحيي البوتاني، اضاءة جديده على حركه فلاحى سهل اربيل في ٢٢ نيسان ١٩٥٣، مجله"گولان"،ع(٢٠٤)،٢٠٠٠.

Abstract

This research is specialized in political events of the Erbil city in the royal period. The important of the characters and revolution and notes as set forth in Erbil magazine. The importance of magazine also belongs to Kurdish people acquaintance of their capital visage ancient tradition, history of city and civilization since thousands of years. The issue of this magazine is considered an attempting to development the city, and the topics, historical errors have been corrected in some number issued of this magazine.

This research highlights the information and issue the magazine, revolutions and uprisings against Great Britain and Feudalism as well, parties and organizations which were established in order to obtain their rights. The political characters played a prominent role in the occurrence of political events. They had a good relationship with senior Iraqi government at that time. They were able, through their political capabilities to protect Erbil city.